Vision Foundation
for Strategic Studies

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# بەهێزکردنی سیستەمی فیدراڵی و حوکمی هاوبەش لە ڕێگەی گوتاری سیاسی کورد لە بەغدا

توێژەر:
د. دلاوەر عوسمان

حوزەیرانی ٢٠٢٦

Sulaymaniyah, Ashty,
Opposite to Azadi Park
www.visionfoundationiq.org
+964 772 330 0005

# بەشی توێژینەوەکان - دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

| جۆری بڵاوکراوە : | بابەت : | توێژەر: |
| --- | --- | --- |
| پۆڵسی پەیپەر | سیاسی | د. دلاوەر عوسمان |

## بەیاننامەی دامەزراوەکە

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، لە پێناو تێگەشتنی هاوسەنگ و دروستکردنی داهاتوویەکی پرشنگدار و گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق کاردەکات. لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی لە سەرجەم گرفت و قەیرانە هاوچەرخەکان و دۆزینەوەی چارەسەری پراکتیکی گونجاو. ئێمە وەک ئەرکی سەرەکی دامەزراوەکەمان کە برتییە لە پاراستن و پەرەپێدانی وڵاتەکەمان، دەمانەوێت لە ڕێگەی توێژینەوەی ستراتیجییەوە، بەرچاوڕوونی و نەخشەڕێگای گونجاو پێشکەش بە داڕێژەرانی سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیار لە هەردوو حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەر سێ دەسەڵاتی (جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری)، ڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین.

## تێبینی

ئەو زانیاریی، دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لە توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو بریتین لە دیدگای توێژەرانی توێژینەوەکە، کە مەرج نییە نوێنەرایەتی دیدگا و بۆچوونی دامەزراوەکەمان بکەن.

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە ©٢٠٢٦
INFO@VFSSIQ.ORG
WWW.VFSSIQ.ORG

# بەهێزکردنی سیستەمی فیدراڵی و حوکمی هاوبەش لە ڕێگەی گوتاری سیاسی کورد لە بەغدا

## پێشەکی جێبەجێکردن

ئەم توێژینەوە هەوڵی شیکاریکردنی ڕۆڵی گوتاری سیاسی کورد لە بەغدا لە پتەوکردن وپاڵپشتیکردنی سیستەمی فیدرالی عێراق وزامنکردنی حوکمی هاوبەش لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمدا دەدات. لێکۆڵینەوەکە لە کێشەیەکی بنەڕەتییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەویش لاوازی گوتاری سیاسی کوردە لە بەغدا، دەرئەنجامی دابەشبوونی ناوخۆیی حیزبی ، وپشتبەستنی دارایی بە بودجەی فیدراڵی، ئەمە سەرباری پەخستنی ماددە دەستورییەکانی پەیوەست بە دەسەڵاتی هەرێمەکان، کە توانای هەرێم لە بینینی ڕۆڵی خۆی لە حکومەتی فیدراڵ بەشێوەیەکی هاوسەنگ لاواز دەکات .

توێژینەوەکە دەریخست کە، دابەشبوونی سیاسی نێوان حیزبە کوردستانییەکان لە کاریگەرێتی نوێنەرایەتی کردنی کورد لە حکومەتی فیدراڵی کەم دەکاتەوە و هەڵوێستی کورد توشی پەرتەوازەیی دەکات، وهەروەها پشتبەستنی نیمچە تەواو بە پشکی بوودجەی فیدراڵی ، سەبەخۆیی بڕیاردانی سیاسی هەرێم لاواز دەکات. وە نەبوونی ئامرازی دادوەری و دامەزراوەیی کارا و کاریگەر بۆ لێکدانەوەو ڕوونکردنەوەی ماددە دەستوورییەکان بۆتە هۆی دروستکردنی بۆشایی لە نێوان تیۆرو پراکتیزەکردندا، ئەمەش ناکۆکی لەسەر بەڕێوەبردنی دۆسییەی نەوت و غاز قەیرانی ئابووری قوڵکردۆتەوە بەجۆرێک کە سەرچاوە سروشتییەکان ببێتە چەقی کێشمەکێشمە سیاسییەکان.

**توێژینەوەکە کۆمەڵێک ڕاسپاردەی سیاسی کرداری دەخاتە ڕوو، دیارترینیان:**

1.یەکخستنی گوتاری سیاسی کورد لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕێکخستنی حیزبی و دامەزراوەیی، بەجۆرێک زامنی هەڵوێستێکی یەکگرتووی پتەوبێت.

2.کاراکردنی دەقە دەستوورییە دواخراوەکان، و دامەزراندنی دادگایەکی باڵای دەستووری بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە ڕاڤەییەکان.

3.دووبارە ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە داراییەکان لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمدا، بۆ زامنکردنی دابەشکردنێکی دادپەروەر و ڕوونی داهاتەکان.

4.گەشەپێدانی ستراتیجێکی ئابووری لە پێناو جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات لە هەرێم و کەمکردنەوەی پاشکۆیی دارایی .

5.بونیادنانی ئامرازەکانی هاریکاری ئەمنی و سیاسی لە نێوان بەغداو هەولێر، بۆ چەسپاندنی هاوبەشی فیدراڵی و پتەوکردنی ئارامی و ئاسایشی نیشتمانی. بێگومان داهاتووی فیدراڵیەت لە عێراق بەندە بە توانا و ویستی لایەنەکان لە چارەسەرکردنی دابەشبوونە ناوخۆییەکان، وکاراکردنی دەقە دەستوورییەکان، ودووبارە داڕشتنەوەی پەیوەندیی لەسەر بنەمای هاوبەشیی هاوسەنگ، کە ببێتە زامنی سەقامگیری بەهێزی سیستەمی سیاسی و ئابووری،و دەستەبەرکردنی هەلی بونیادنانی دەوڵەتێکی یەکگرتووی بەهێزو دامەزراو.

## Executive Summary

This study seeks to analyze the role of Kurdish political discourse in Baghdad in strengthening the Iraqi federal system and ensuring joint governance between the union and the region. The study originates from a fundamental problem: the weakness of Kurdish political unity due to internal party divisions, the heavy financial dependence on the federal budget, and the suspension of constitutional provisions related to regional powers. These factors undermine the Kurdistan Region's ability to exercise its federal role in a balanced manner.

The findings indicate that political fragmentation among Kurdish parties limits the effectiveness of federal representation and exposes the Kurdish position to division. The near-total reliance on federal budget allocations weakens the region's political autonomy. Furthermore, the absence of effective judicial and institutional mechanisms for interpreting constitutional texts has created a gap between theory and practice, while disputes over the management of oil and gas have deepened the economic crisis and turned natural resources into a focal point of political contention.

**The study recommends a set of practical policies, most notably:**

1. Unifying Kurdish political discourse through mechanisms of party and institutional coordination to ensure a coherent federal stance.
2. Activating suspended constitutional provisions and establishing a constitutional federal supreme court to resolve interpretive disputes.
3. Restructuring the financial relationship between the center and the region to guarantee fair and transparent revenue distribution.
4. Developing an economic strategy to diversify income sources in the region and reduce financial dependency.
5. Building mechanisms of security and political cooperation between Baghdad and Erbil to consolidate federal partnership and enhance national stability.

The future of federalism in Iraq depends on the ability of all parties to address internal divisions, activate constitutional provisions, and reshape the federal relationship on the basis of balanced partnership—ensuring political and economic stability and strengthening the prospects of building a strong and sustainable federal state.

## پێشەکی

بێگومان سیستەمی فیدراڵی لە عێراق یەکێکە لە دیارترین دەرخستەکانی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥، کە بۆیەکەمجار دانی نا بە هەرێمی کوردستاندا، وەک یەکەیەکی فیدراڵی، خاوەن دەسەڵاتێکی تەشریعی و جێبەجێکردنی فراوان. ئەگەرچی جێبەجێکردنی کارای ئەم سیستەمە بەردەوام دەورە دراوە بە ئاڵنگاری سیاسی و ئابووری و ئەمنی.کە رەنگی داوەتەوە لەسەر پەیوەندی نێوان بەغداو هەولێر.

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتەسەر ڕۆڵی گوتاری سیاسی کورد لە بەغدای پایتەخت، و هەروەها چۆنێتی پشکداریکردن لە پتەوکردن وپاڵپشتیکردنی بەڕێوەبردنی هاوبەش و زامنکردنی سیستەمێکی فیدراڵی بەهێزو چەسپاو.

## ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەو لێکدانەوەی یەکیتی گوتاری سیاسی کوردە لە بەغدا، لە چوارچێوەی سیستەمی فیدراڵی عێراق، وە دەرخسنی ئەو هۆ کارانەی کاریگەرییان هەیە لەسەری، دەکرێت ئامانجەسەرەکییەکان لەم خاڵانەدا کورتبکەینەو:

1. هەڵسەنگاندنی ئاستی گوتاری سیاسی کورد لە بەغدا، وپێوانی چەندێتی گونجاندنی لەگەڵ داواکارییەکانی سیستەمی فیدراڵی و دەستوری عیراق.
2. شیکردنەوە و لێکدانەوەی ڕۆڵ وکاریگەری دابەشبوونە ناوخۆییەکان لە نێوان حیزبە کوردییە سەرەکییەکانلە نوێنەرایەتی سیاسی هەرێم لە دامەزراوە فیدراڵییەکاندا.
3. دیاریکردنی ئەو هۆکارە یاساییانەی کار لە توانای هەرێمی کوردستان دەکەن لە پەیڕەوکردن و جێبەجێکردنی دەسەڵاتە دەستوورییەکانی، لەگەڵ چڕکردنەوەی سەرنج لەسەر ئەو ماددانەی پەیوەستن بە فیدراڵییەتەوە لە دەستووری ٢٠٠٥دا.
4. لێکۆڵینەوە لە هۆکارە ئابووری و داراییەکان، بەتایبەت ڕۆڵی نەوت و سەرچاوە سروشتییەکان، لە بەهیزکردن و یاخود بێهێزکردنی سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی کورد.
5. دۆزینەوەو درکپێکردنی ئەو ڕەهەندە ئەمنی و ستراتیجییانەی کە لەسەر شوێن و پێگەی هەرێم ڕەنگدەداتەوە، لەنێویاندا ئاڵنگارییە ئەمنییە ناوخۆیی و هەرێمییەکان دەگرێتەوە.
6. پێشنیارکردنی ستراتیجی کرداری بۆ پاڵپشتیکردن و بەهێزکردنی یەکگرتوویی گوتاری سیاسی کورد، کە زامنی بەشداریکردنێکی زیاتر کارا و چالاک بێت لە حوکمی فیدراڵیدا، وسەقامگیری سیاسی وە ئابووری لە عێراق پتەوتر بکات.

## کێشەی توێژینەوەکە

وێڕای داننانی دەستوریی بە هەرێمی کوردستان لە نێو سیستەمی فیدراڵی عێراقدا، بەڵام هەرێم ڕووبەڕووی کۆمەڵێک بەربەستی بونیادی و سیاسی و ئابووری بۆتەوە، کە لە توانای پەیڕەوکردنی دەسەڵاتە فیدرڵییەکانی بەتەواوەتی کەمدەکاتەوە.

دیاترینی ئەم بەربەستانەش خۆی لەمانەدا دەنوێنێت:

1. دابەشبوونی ناوخۆیی سیاسی لە نێوان حزبە کوردییە دەسەڵاتدارەکان و ئۆپۆزسیۆنەکاندا، کە ئەمە بۆتە هۆی لاوازکردنی یەکگرتوویی گوتاری سیاسی کورد و کاریگەری نەرێنی خراپی دەبێت لەسەر کارایی نوێنەرایەتیکردنی لە دامەزراوە فیدراڵییەکاندا.
2. پشت بەستنی گەورەی دارایی بە حکومەتی فیدراڵی، ئەمەشلە سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی هەرێم کەمدەکاتەوە و دەیکاتە بارمتەی باڵانسە داراییەکانی حکومەتی فیدراڵ.
3. درەنگ جێبەجێکردنی مادده دەستووریيە گرنگەکانی پەیوەست بە دەسەڵاتەکانی هەرێم، کە دەبێتە هۆی دروستکردنی بۆشایی لە نێوان دەقە دەستورییەکان و جێبەجێکردنی فیدراڵیەت بە شێوەیەکی کرداری.
4. لاوازیی ڕێکخستنی دامەزراوەیی لە نێوان هەولێر و بەغدا،توانای هەرێم لەدروستکردنی کاریگەری لەسەر بڕیارە نیشتمانییەکان کەم دەکاتەوە، ورۆڵی لە داڕشتنەوەی سیاسیەتە فیدراڵییەکاندا لاواز دەکات.

وێڕای ئەوەی کە دەستور دانی ناوە بە هەرێمی کوردستاندا وەک بەشێک لە سیستەمی فیدراڵی عێراق، بەڵام هەرێم ڕووبەڕووی ئاڵنگاری بونیادی و سیاسی و ئابووری گەورە بۆتەوە کە بۆتە بەربەست لە بەردەم توانای پەیڕەوکردنی دەسەڵاتە فیدراڵییەکانی بەشێوەیەکی تەواو. لە دیارترینی ئەو ئاڵنگارییانە: دابەشبوونی ناوخۆیی سیاسی لە نێوان حیزبە کوردییەکاندا، کە گوتاری سیاسی کورد ی لاوازکردووە و کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر کارایی نوێنەرایەتیکردن لە دامەزراوە فیدراڵییەکاندا. ئەمە سەرباری پشتبەستنی گەورەی دارایی بە حکومەتی فیدراڵی، کە سەربەخۆیی بڕیاردانی سیاسی کوردی کەمکردۆتەوە وا لە هەرێم  دەکات ببەسترێتەوە بە هاوسەنگییە داراییەکانەوە.

ئەم بەربەست و ئاستەنگانە لەسەر ئاستە دامەزراوەیی و کۆمەڵگایی و سیاسییەکان ڕەنگدەداتەوە، بەجۆرێکبەردەوامی پەکخستنی مادده دەستوریەکاندەبێتە هۆی دروستکردنی بۆشایی لە نێوان دەقەکان و جێبەجێکردنیاندا، وە لاوازکردنی متمانەی هاوڵاتییان بە سیستەمی فیدراڵی، کە دەرگا بۆ ئاریشەی دەستوری دووبارەبۆ وە واڵا دەکات. هەروەها دابەشبوونە ناوخۆییەکان حاڵەتی جەمسەرگەری دەهێنێتە ئاراوە، و توانای هەرێم وەک یەکەیەکی سیاسی یەکگرتوو لە دانوستاندا لاواز دەکات، کە ئەمەش دەبێتە هۆی پاشەکشەکردنی سەقامگیری گشتی.

لەسەر ئاستی ئابووری، ناکۆکییەکان لەسەر بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکان بەردەوام دەبێت، بە تایبەتی نەوت و غاز، کە هەڕەشە لە ئاسایشی دارایی دەکات و وا دەکات پەیوەندییەکان لە نێوان هەرێم و بەغدادا بارمتەی کێشمەکێشە سیاسییەکان بێت، ئەوەش کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەپێدان و خزمەتگوزارییە گشتییەکان دەبێت.

لەسەر بنەمای ئەوە، کرۆکی کێشەی توێژینەوەکە چۆنێتی چارەسەرکردنی ئەم ئاستەنگانەیە بۆ بەهێز کردنی یەکگرتوویی و یەکبوونی گوتاری سیاسی کورد، وزامنکردنی بەشداری چالاک و کاریگەری هەرێم لە سیستەمی فیدراڵی عێراقدا، وبەدیهێنانی هاوسەنگی دەستوری سەقامگیر لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکاندا، کە زامنی سەقامگیری سیستەمەکە بکات و هەلی بونیادنانی هاوبەشی هاوسەنگ و بەردەوام بەهێز بکات,

## پرسیارەکانی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لە کۆمەڵێک کێشەی پەیوەست بە سروشتی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا سەرچاوە دەگرێت، و هەوڵدەدات وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری سەرەکی بداتەوە کە ڕێچکەو ئاڕاستەی توێژینەوەکە دیاریدەکات.بەم شێوەیە:

1. ئەو هۆکارە بونیادی و سیاسییە سەرەکییانە چین کە دەسەڵات و کاریگەری سیاسی کورد لە بەغدا دیاریدەکات؟
2. دابەشبوونی ناو خۆیی حیزبی و سیاسی لە هەرێمی کوردستان ، چۆن کار لە توانای هەرێم دەکات لە دانوستان و داڕشتنەوەی گوتارێکی سیاسی یەکگرتوو لە نێو دامەزراوە فیدراڵیەکاندا؟
3. ڕۆڵی سەرچاوە ئابوورییەکان، بەتایبەت نەوت و غاز، چییە لە بەهێزکردن یان لاوازکردنی نوێنەرایەتیکردنی فیدراڵی هەرێم لە نێو سیستەمی فیدراڵی عێراقدا؟
4. چۆن دەتوانرێت ماددە دەستورییە دواخراوەکانی پەیوەست بە دەسەڵاتەکانی هەرێم کارا بکرێت، کە زامنی جێبەجێکردنی کرداریی فیدراڵی بێت بەپێی دەقەکانی دەستوری ٢٠٠٥؟
5. سیناریۆ چاوەڕوانکراوەکانی داهاتووبۆ پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان وحکومەتی فیدراڵی لەبەر ڕۆشنایی ئاڵنگارییە سیاسی و ئابووری و ئەمنییەکانی ئێستا چین؟

## ڕێبازی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە پشت دەبەستێت بە شێوازێکی زانستی تەواو ، ئامانجی شیکردنەوەو لێکدانەوەی واقعی گوتاری سیاسی کوردە لە بەغدا، لە چوارچێوەی سیستەمی فیدراڵی عێراقدا، ئەوەش لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

1.هەڵسەنگاندنی مەترسی و ئاڵنگارییەکانی داهاتوو لە ڕێگەی سیناریۆی چاوەڕوانکراو: توێژینەوەکە وێنەی کۆمەڵێک سیناریۆ دەکێشێت بۆ داهاتوو، کە لەوانەیە ڕووبەڕووی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی ببێتەوە، لەگەڵ چڕکردنەوەی سەرنج لەسەر ئاڵنگارییە سیاسی و ئابووری و ئەمنییەکان، ئەوەش بە ئامانجی خوێندنەوەو پێشبینی ڕێگە بەردەست و گونجاوەکان بۆ بەهێز کردن یان لاوازکردنی فیدراڵی.

2.شیکاریکردنی پیادەکردنی سیاسەتی ئێستا لە چوار چێوەی فیدراڵیەت، توێژینەوەکە پشت دەبەستێت بە لێکۆڵینەوە لە سیاسەتەکانی حکومەتی فیدراڵ وپیادەکردنی کرداریی پەیوەست بە جێبەجیکردنی سیستەمی فیدراڵی، لەگەڵ بەراووردکردنی دەقە دەستورییەکان بەوەی کە بە کرداری جێبەجێکراوە، بۆ دۆزینەوەی بۆشایی لە نێوان تیۆری و پراکتیکدا.

3.پشتبەستن بە سەرچاوەی جۆراو جۆروباوەڕپێکراو، لەوانە:

- بەڵگەنامە دەستورییەکان: وەک، دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ ی عێراق، و ئەو ماددانەی پەیوەستن بەدەسەڵاتی هەرێمەکان.
- داتاو زانیارییە ئابووری و داراییەکان: ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دارایی فیدراڵی، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە داهات و خەرجییەکان و تەرخانکراوەکانی هەرێمی کوردستان.
- ڕاپۆرتە سیاسییەکان: دەرچوو لە دامەزراوە فەرمییەکان و ڕێکخراوە لێکۆڵەرەکانی پەیوەندیدار بە کاروباری عێراق.
- چاوپێکەوتنە ئەکادیمییەکان و پسپۆرەکان: سوودوەرگرتن لە ڕاو بۆچوونی توێژەران و پسپۆرانی یاسا و زانستەڕامیارییەکان و ڕاگەیاندن.

## پەیکەری توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکییەکی سەرەتایی و پوختەیەکی جێبەجێکردن کە ئامانج و کێشەکان ڕوون دەکاتەوە پێکدێت، پاشان لە سێ بەشەپاری سەرەکی کە دابەشدەبن بۆ چەند بەندێکی دیاریکراو.

لە بەشەپاری یەکەمدا باس لە چوارچێوەی دەستوریی وسیاسی پەیوەندی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان کراوە ،وتێیدا بنەمای دەستوری فیدراڵی عێراق و ئەوەی دەستوری ٢٠٠٥ دیاریکردووە تایبەت بە دەسەڵاتە فراوانەکانی هەرێمەکان خراوەتە ڕوو. پاشان لە بەندی دووەمی بەشەپاری یەکەمدا، باس لەو ئاڵنگارییە سیاسییانە کراوە کە ئاستەنگن لەبەردەم جێبەجێکردنی کردارییی فیدراڵیدا، وەک، دابەشبوونی حیزبی کوردی و لاوازی ڕێکخستن و هەماهەنگی دامەزراوەیی نێوان هەولێرو بەغدا.

وبەشەپاری دووەم تایبەتکراوە بە لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندی ئابووریی و دارایی پەیوەندی فیدراڵی، کە بەندی یەکەمی باس لە ئاڵنگارییە دارایی و ئابوورییەکان لە پەیوەندی فیدراڵی و تەرخانکراوەکانی هەرێم کراوە، بە نیشاندانی قەبارەی پشتبەستنی گەورەی دارایی بە بودجەی فیدراڵی، هەرچی بەندی دووەمە، سەرنجی خستۆتەسەر ڕۆڵ وکاریگەریی ئابووری لە پەیوەندی نێوان بەغداو هەرێمدا، بەتایبەتی ناکۆکییەکان لەسەر بەڕێوەبردنی نەوت و غاز، وپاشکۆیی دارایی کە کار لە کەمکردنەوەی سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی کورد دەکات.

پاشان بەشەپاری سێیەم دێت، بۆ خستنەڕووی چارەسەری ئاڵنگارییە پێشبینیکراوەکان و سیناریۆ ستراتیجییەکان، ڕێچکەی پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێم لەبەر ڕۆشنایی ئاڵنگارییە سیاسی و ئابووری و ئەمنییەکاندا.وە خستنەڕووی ئەو ئەگەرانەی دەبنە هۆی بەهێزکرد یان بێهێزکردنی سیستەمی فیدراڵی عێراق.

لە کۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە بەهێزکردنی سیستەمی فیدراڵی لە عێراق پێویستی بە چارەسەرکردنی ئاستنەگە بونیادیی و سیاسی و ئابوورییەکانە، هەروەها یەکێتی ویەکگرتوویی گوتاری کورد لە بەغدا، وکاراکردنی دەقە دەستورییە دواخراوەکان، کە زامنی بەشداریکردنی کارای هەرێمی کوردستان لە بەڕێوەبردنی فیدراڵی بکات، وسەقامگیری سیاسی و ئابووری لەسەر ئاستی دەوڵەتی عێراق بە تەواوی بەهێز بکات.

## بەشەپاری یەکەم: چوارچێوەی دەستوریی و سیاسی لە پەیوەندی نێوان بەغداو هەرێمی کوردستاندا

چوارچێوەی دەستووریی و سیاسی بنەمای یاسایی ڕێکخەر پێکدەهێنێت لە پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستاندا، کە دەستوری ٢٠٠٥ ی عێراق سروشتی سیستەمی فیدراڵی عێراق و دەسەڵاتەکانی هەرێمی دیاریکردووە. گرنگی ئەم بەشەپارە لە شیکردنەوەی دەقە دەستوورییە پەیوەندیدارەکان دەردەکەوێت، ولە هەڵسەنگاندنی ڕادەی جێبەجێکردنی لە واقعی سیاسیدا بە کرداریی، لەگەڵ سەرنج خستنەسەر ئەو ئاڵنگارییانەی دەبنە ئاستەنگ لەبەردەمەم کاراکردنی فیدراڵی بە شێوەیەکی هاوسەنگ.

### بەندی یەکەم: بنەمای دەستووریی فیدراڵی عێراق

دەستووری عێراقی بەرکار بۆ ٢٠٠٥ چوارچێوەی یاسایی سەرەکی پێکدەهێنێت لە ڕێکخستنی سروشتی سیستەمی سیاسی لە عێراق لە دوای پرۆسەی ڕزگارکردن، کە لە ماددەی (١)دا هاتووە: " کۆماری عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی یەکگرتووی سەربەخۆی خاوەن سەروەریی تەواوە، سیستەمی بەڕێوەبردن تێیدا کۆماری پەرلەمانیی دیموکراتییە.ئەم دەستورە زامنی یەکێتی عێراقە" (جەعفەر، 2006، ص.5)، ئەوەش وەرچەرخانێکی جەوهەری لە ژێرخانی دەستوری دەنوێنێت، بەراوورد بە دەستورەکانی پێشوو، کە جەختی لە مۆرکی فیدراڵی دەوڵەت دەکردەوە(دەستووری عێراق، 2005). ماددەکانی (116–121) تایبەتە بەبەخشینی دەسەڵاتی یاسادانان و کارگێڕی و ئەمنی فراوان بە هەرێمەکان، لە نێویاندا هەرێمی کوردستان، بە جۆرێک بگونجێت لەگەڵ بنەمای لامەرکەزییەتی سیاسی وکارگێڕی(جەعفەر، 2006، ص.40-41).

گرنگی دەقی ماددەی (١) لە دەستووری عێراقی لەوەدا دەردەکەوێت کە دەڵێت: " یەکەم: دەسەڵاتی هەرێمەکان مافی پیادەکردنی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەرییان هەیە بەپێی حوکمەکانی ئەم دەستوورە، بەدەر لەوەی تێیدا هاتووە سەبارەت بە دەسەڵاتە تایبەتەکانی فیدراڵ. دووەم: دەسەڵاتی هەرێمەکە مافی هەمواركردنی جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی هەیە لە هەرێم، لە حاڵەتی بوونی دژیەک لە نێوان یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێمەکە سەبارەت بە پرسێک کە ناچێتە پسپۆری و تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتە فیدراڵییەکانەوە.سێیەم: بەشە داهاتێکی دادپەروەرانە لە داهاتە فیدراڵیەکان تەرخاندەکرێت بۆ هەرێم و پارێزگاکان، کە بەشی بارگرانی و بەرپرسیاریەتییەکانی بکات، بە لەبەرچاو گرتنی سەرچاوە و پێداویستییەکانی، وڕێژەی دانیشتووان تێیدا.چوارەم: لە باڵیۆزخانەو نێردە دیبلۆماسییەکان نوسینگە بۆ هەرێم و پارێزگاکان دادەمەزرێندرێت، بۆ بەدواداچوونی کاروباری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و گەشەپێدان.پێنجەم: حکومەتی هەرێمەکە تایبەتمەندە بەهەموو پێویستییەکانی بەڕێوەبردنی، بە تایبەت دروستکردن و ڕێکخستنی هێزی ئاسایشی ناوخۆی هەرێمەکە، وەک پۆلیس و ئاساییش و پاسەوانی سنوور".

ئەم ماددەیە تەوەری بەردەوامی ململانێی نێوان بەغداو هەرێمە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە دۆسییەی نەوت وغاز و دابەشکردنی داهاتە داراییەکان. لەکاتێکدا هەرێم پێی وایە کە دەقەکە دەسەڵاتی تەواوی بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکانی پێدەبەخشێت، پشتبەست بەوەی هاتووە لە ماددەی (121)،حکومەتی فیدراڵی لێکدانەوەیەکی جیاواز لەوە لەخۆدەگرێت، ئەم دەسەڵاتانە دەبەستێتەوە بە چەمکی یەکپارچەیی نیشتمانییەوە لەسەر سامانە سروشتییەکان (موراد، 2024، ص. 301-303).
ئەم جیاوازییە لە لێکدانەوەی یاسایی ڕەنگدانەوەی کێشەیەکی بونیادییە لە پەیوەندی فیدراڵی، کە دەرفەت لە بەردەم ناکۆکی دووبارەبووەوە لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێم دەکاتەوە، و جەخت لە پێویستی بوونی ئامرازی دادوەریی و دامەزراوەیی کارا دەکاتەوە لە یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییە دەستوورییەکاندا، بەجۆرێک کە زامنی جێبەجێکردنێکی هاوسەنگی فیدراڵییە.
لەگەڵ ئەوەشدا، توێژینەوە یاساییە نوێیەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە نەبوونی دادگایەکی فیدراڵی کارا بۆتەهۆی پەکخستنی جێبەجێکردنی چەندین ماددەی دەستووری پەیوەست بە فیدراڵیەتەوە، کە سیستەمی دادوەری نەیتوانیوە ناکۆکییە لێکدانەوەییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێم یەکلابکاتەوە، ئەمەش جێبەجێکردنی کرداریی فیدراڵیەتی لاوازکردووە (بڕوانە ئەلتالیب وئەوانی تر، 2018).

ئەم بۆشاییە دامەزراوەییە بەشداربووە لە دروستکردنی حاڵەتێک لە گومانی یاسایی و سیاسی، وبۆتە هۆی بەردەوامی ململانێی نێوان بەغدا و هەولێر سەبارەت بە دەسەڵاتەکان و سەرچاوەکان. سەرباری ئەوە، ماددەی دەستووریی سەرەکی هەن کە وێڕای گرنگی ڕاستەوخۆیان لە ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم تا ئێستا جێبەجێنەکراون،ولە دیارترینی ئەو ماددانەی کە پەیوەستە بە پێکهێنانی ئەنجوومەنی فیدراڵی،ماددەی (48) ، ئاماژە بەوەدەکات: "دەسەڵاتی یاسادانانی فیدراڵی پێکدێت لە ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی فیدراڵی"، وە هەروەها ماددەی (65) ئاماژە بە دروستکردنی ئەنجومەنێکی یاسادانان دەکات بە ناوی (ئەنجوومەنی فیدراڵی) کە نوێنەری ئەو هەرێم و پارێزگایانە لەخۆبگرێت کە لە هەرێمێکدا ڕێکخراونین، وپێکهێنانەکەی و مەرجی ئەندام بوون تێیدا و تایبەتمەندییەکانی و هەموو ئەوانەی پەیوەستن پێوەی بە یاسا لە لایەن زۆرینەی دوولەسەرسێی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران دابنرێت.و پەکخستنی ئەم ماددە دەستوورییانە حاڵەتی بۆشایی دامەزراوەیی قوڵ دەکاتەوە، هەرێمەکان لە ئامرازی نوێنەرایەتیکردنی فیدراڵی بێبەشدەکات، کە دەتوانرا ململانێکان کەمبکاتەوە، و هاوسەنگی لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێم بەهێزبکات، ئەوکارەی کە جێبەجێکردنی کرداریی فیدراڵیەت لاوازدەکات و دەیکاتە بارمتەی کێشمەکێشمە سیاسییەکان.

بەو پێیە، بێگومان بنەمانی دەستووریی فیدراڵییەت لە عێراق، وێڕای ڕوونییەکەی لە دەقەکاندا، هێشتا ڕووبەڕووی ئاڵنگاری گەورە دەبێتەوە لە ڕووی جێبەجێکردنی کردارییی، دەرئەنجامی جیاوازی لە لێکدانەوە یاساییەکان، ولاوازی دامەزراوە جڵەوگیرەکان، وئەو دابەشبوونە سیاسییانەی کە بەربەستن لەبەردەم بونیادنانی سیستەمێکی فیدراڵی هاوسەنگ و سەقامگیر.

سەرەڕای ڕوونی دەقە دەستوورییەکان کە سیستەمی فیدراڵی عێراقی چەسپاندووە، بەڵام جێبەجێکردنی کردارییی ئەم سیستەمە بەردەوام ڕووبەڕووی ئاستەنگی سیاسی ئاڵۆز دەبێتەوە، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پەیوەندییەکانی بەغداو هەرێم هەبووە، لە پێشەنگی ئەو ئاستەنگانەش، دابەشبوونی ناخۆیی نێوان حیزبە کوردییەکانە، بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کە ئەم دابەشبوونە بۆتەهۆی لاوازکردنی یەکگرتوویی گوتاری سیاسی کورد لە بەغدا، هەڵوێستی کوردی لە نێو دامەزراوە فیدراڵییەکاندا دووچاری پەرتبوون و کەنارخستن کردووە (Stansfield، 2013).

لەگەڵ ئەم ڕەهەندە سیاسییەشدا، پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە کە دابەشبوونی دامەزراوەیی و کارگێڕی ناوخۆی هەرێم هێشتا بوونی هەیە، کە داهاتە نا نەوتییەکان بەجیا لە نێوان دوو حیزبەکە کۆدەکرێتەوە، وە هێزی پێشمەرگە وێڕای فشارە ناوخۆیی و نێو دەوڵەتییەکان بەتەواوی یەکنەخراوەتەوە ، هەروەها سیستەمی ئاسایشیش هێشتا دابەشبووە لە نێوانیاندا، تا گەیشتن بە حاڵەتی ئەو چەقبەستوویی سیاسیەی خۆیدەبینێتەوە لە پێکنەهێنانی حکومەتی هەرێم دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ساڵێک بەسەر هەڵبژاردنی پەرلەماندا. بێگومان ئەم ڕواڵەتە دامەزراوەیی و کارگێڕیانە تەنها یەکبوونی هەڵوێستی کورد لەبەردەم حکومەتی فیدراڵی لاوازناکات، بەڵکو وێنەی هەرێم لەبەردەم ڕای گشتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیش سست و لاوازدەکات.ئەمەش شوێن وپێگەی لە هاوکێشەی فیدراڵی فشەڵ و پوچ دەکات (The Washington Institute، 2022؛ ڕۆژنامەی ئیستیقلال، 2024).

لەم چوارچێوەیەشدا، (نەرمین معروف) ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنرانی عێراق جەخت لەوە دەکاتەوە کە نوێنەرانی کورد لە بەغدا ڕۆڵێکی کارا ناگێڕن لە بەرگریکردن لە مافەکان، بەڵکو هەندێک جار سازشی لەسەر دەکەن، وئاماژە بەوەدەدات کە هێزە سیاسیە خاوەن سەنگ و قورساییەکان شێوەو ڕواڵەتی هەڵوێستی هەرێم دیاریدەکەن، بەوەش کارایی نوێنەرایەتی کورد لە دامەزراوە فیدراڵییەکان لاوازدەبێت (مەعروف، 2026).وە ئەم لاوازییە لە ئەدای سیاسی ڕەنگدانەوەی کێشەی بونیادین لە ئامرازەکانی نوێنەرایەتیکردنی فیدراڵی، و دەبێتەهۆی پاشەکشەی توانا و کاریگەری هەرێم لەسەر داڕشتنەوەی سیاسەتی نیشتمانی.

سەرباری ئەوە، بیگومان حکومەتە فیدراڵییە یەک لەدوای یەکەکان زۆرجار مامەڵەیان لە گەڵ فیدراڵییەتدا وەک ئیمتیازێکی سیاسی کردووە کە شایەنی سازش بێت، نەک وەک مافێکی دەستووری جێگیر، ئەمەش حاڵەتێک لە گومانی یاسایی و سیاسی دروستکردووە.ئەم ئاڕاستەیەی حکومەتی فیدراڵی بۆتەهۆی پەخستنی زۆرێک لە ماددە دەستوورییەکانی پەیوەست بە دەسەڵاتی هەرێمەکان، وە متمانەی لەنێوان هەولێر و بەغدا لاوازکردووە (ستانفیلد وئەندەرسۆن ، 2009).

هەر لەم چوارچێوەیەدا، (ستران عەبدوڵا)،ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشمانی کوردستان جەخت لەوە دەکاتەوە کە پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، پەیوەندییەکی واقعیە پێویستە کار لەسەر گەشەپێدانی بکرێت بە شێوەیەکی کردارییی. وە ئاماژە بەوە دەدات کە ئە پەیوەندییە دەبێت لەسەر بنەمایفرە بۆچوونی بونیاد بنرێت، لەگەڵ پێویستی مامەڵەکردن لەگەڵیدا وەک چوارچێوەیەک بۆ هاریکاری نەک وەک گۆڕەپانی ململانێ، هەروەها پێداگرە لەسەر لەوە ئەوەی کە هێزی هەرێمی کوردستان بەندە بە بوونی عێراقێکی سەقامگیری بەهێز، کە ناتوانرێت مامەڵە لەگەڵ عێراقدا وەک کیانێکی دەرەکی جوودا بکرێت، بەڵکو پێویستە هاوبەشی فیدراڵی پتەوبکرێت، بەجۆرێک زامنی سەقامگیری سیاسی و ئابووری بێت بۆ هەردوولایەن (عبد الله، 2026).

هەروەها لاوازیی هەماهەنگی دامەزراوەیی نیوان هەولێر و بەغدا ئاڵنگارییەکی جەوهەری دەنوێنێت، چونکە ئامرازی کارای هاریکاری لە نێوان دامەزراوە فیدراڵی و هەرێمایەتییەکاندا بناغەی بۆ دانەنراوە، ئەوەی کە بەنەرێنی ڕەنگیداوەتەوە لەسەر توانا و کاریگەری هەرێم لە بڕیارە نیشتمانییەکاندا. توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە نەبوونی ئامراز بۆتە هۆی پاشەکشەی ڕۆڵی هەرێم لە داڕشتنەوەی سیاستە فیدراڵییەکاندا، بەتایبەت لە دۆزە پەیوەستەکان بە سەرچاوە سروشتییەکان و ئاسایشی نیشتمانی(Natali، 2010.)

و(فارس نەورۆڵي)، سەرکردە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، پێی وایە کە یەکێک لە هەرە دیارترین ئاڵنگارییەکان خۆی لە یەکترقبول نەکردنی کورد بۆ یەکتر لە گۆڕەپانی سیاسیدا دەنوێنێت، کە ئەوەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت لەسەر یەکگرتوویی هەڵویستی فیدراڵی، ئاماژە شی بەوەدا  کە ئەوەی لە ڕاگەیاندن پیشاندەدرێت جیاوازە لە واقیع، وە هەلەکان هێشتا هەن ئەگەر کورد ڕیزەکانی خۆی لە ناوخۆدا ڕێکبخات (نەورۆڵی، 2026).

وە ئەم جیاوازییە لە نێوان واقیع و ڕاگەیاندندا بۆشایی متمانە قوڵدەکاتەوە، وتوانای هەرێم بۆ بونیادنانی هەڵوێستێکی فیدراڵی یەکگرتوو و پتەو لاوازدەکات.
بەو پێیە، ئەو ئاڵنگارییە سیاسییانەی ڕووبەڕووی سیستەمی فیدراڵی لە عێراق دەبێتەوە تەنها لە دەقە دەستوورییەکاندا کورنابێتەوە.بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ ژێرخانی حیزبی و دابەشبوونە ناوخۆییەکان، و بۆ سروشتی ئەو پەیوەندییە فیدراڵییانەی  حکومەتە فیدراڵییەکان دەیانگرێتەخۆ، ئەوەش وا دەکات کە بونیادنانی سیستەمێکی فیدراڵی هاوسەنگ و سەقامگیر ئەرکێکی ئالۆزبێت پێویستی بە چاکسازی سیاسی و دامەزراوەیی بنەڕەتی و قوڵ هەبێت.

یەکێک لە گرنگترین ئاستەنگەکان لەم نێوەندەدا، بەندە بە نەبوونی دەستوورێکی بەرکار لە هەرێمی کوردستان کە شێوەو ڕوالەتی حوکم و دامەزراوەکانی و دەسەڵاتەکانی وپەیوەندی لە نێوانیاندا دیاریبکات، وپەیوەندی دامەزراوەیی لەگەڵ دامەزراوە فیدراڵییەکان بە شێوەیەکی وورد ڕوون بکاتەوە.
بێگومان نە بوونی ئەم چوارچێوە دەستوورییە ناوخۆییە بونیادی سیاسەتی هەرێم پوچ و فشەڵ دەکات و شوێن و پێگەی سازشی لەبەردەم بەغدا لاوازدەکات، وەهەروەها بۆشاییەکی یاسایی بەجێدێڵێت ، ودابەشبوونە حیزبییەکان گەورە دەکات و کاریگەری نەرێنی لەسەر سەقامگیری دامەزراوەیی دەبێت (ناتالی، 2010).

## بەشەپاری دووەم: ڕەهەندی ئابووریی و دارایی بۆ پەیوەندی فیدراڵی

لایەنی ئابووری و دارایی بە یەکێک لە گرنگترین خاڵە بنەڕەتییەکانی پەیوەندی نێوان بەغداو هەولێر دەژمێردرێت،کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەندە بە توانای هەرێم لە پیادەکردنی سەربەخۆیی لە ناو سیستەمی فیدراڵیدا. ئامانجی ئەم بەشەپارە، لێکۆڵینەوەی داتاو زانیارییە داراییە فەرمییەکانە، وە شیکردنەوەی کاریگەری سەرچاوە سروشتییەکان، بەتایبەت نەوت و غاز، لەسەر سروشتی پەیوەندی فیدراڵی، لەگەڵ دەرخستنی ڕۆڵی بودجەی گشتی لە بەهێزکردن یان لاوازکردنی نوێنەرایەتی سیاسی کورد.

## بەندی یەکەم: ئاڵنگارییە دارایی و ئابوورییەکان لە پەیوەندی فیدراڵیدا

لایەنی دارایی یەکێک لە گرنگترین خاڵەبنەڕەتەکانی پەیوەندی نێوان بەغداو هەولێر دەنوێنێت، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەندە بە توانای هەرێمی کوردستان لە پیادەکردنی سەربەخۆیی لە چوارچێوەی سیستەمی فیدراڵیدا، داتاو زانیارییەکانی وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ 2025 سروشتی ئابووری پشت بە نەوت بەستنی عێراق ئاشکرا دەکات، کە کۆی داهاتەکان ١١٤ تریلیۆندینار تێدەپەڕێنێت، داهاتە نەوتییەکانرێژەی 88% ئەو ڕێژەیە پێکدەهێنێت، بەرامبەر تەنها 12% لە داهاتە نا نەوتییەکان.ئەم پێکهاتەیە ڕەنگدانەوەی پشبەستنێکی نیمچە ڕەهایە بە نەوت ، وەهەلی جۆراوجۆری سەرچاوە ئابوورییەکان لاوازدەکات. لە چارەکی یەکەمی هەمان ساڵدا، داهاتەکان گەیشتە 27.2 تریلیۆن دینار، لەو ڕێژەیە 91% داهاتی نەوتییە، ئەمەش جەخت لە بەردەوامی ئەم پشتبەستنە زیادەڕۆیەی دەکاتەوە. بەڵام لە سەرئاستی خەرجییە بەکاربەرەکان، 28 تریلیۆن دیناری تێپەڕاند، 95%ی تەرخانکرا بۆ خەرجییەبەکاربەرەکان بەرامبەر تەنها 5%ی بۆ وەبەرهینان. ئەم دابەشکردنە کێشەیەک لە پێشینەی خەرجی گشتیدا دەردەخات، بەوەی ئەم سەرچاوانە بۆ دابینکردنی خەرجییە بەردەوامەکان ئاڕاستەدەکرێت لەجیاتی وەبەرهێنان لە ژێرخانی ئابووری درێژ مەودا.وە بە بەراووردکردن لە نێوان داهات و خەرجی لە چارەکی یەکەم، کورتهێنانێکی دارایی پێشوەخت ڕووندەبێتەوە، بەوەی داهاتەکات گەیشتە 27.2 تریلیۆن دینار، بەڵام خەرجییەکان28 تریلیۆن دیناری تێپەڕاند، ئەوەش توانای دەوڵەت لە بەدیهێنانی هاوسەنگی دارایی لاوازدەکات، و فشەڵی پەیوەندیی دامەزراوەیی فیدراڵی زیاد دەکات (Infoplus Network، 2025).

| بەند | بەها (تریلیون دینار) | ڕێژەی نەوتی | ڕێژەی نا نەوتی / وەبەرهێنان | ڕێژەی بەکاربردن |
|---|---|---|---|---|
| کۆی داهاتەکان | 114 | 88% | 12% | - |
| داهاتەکانی چارەکی یەکەم | 27.2 | 91% | 9% | - |
| کۆی خەرجییەکان | 28 | - | 5% | 95% |

**خشتەیەکی ڕوونکردنەوە بۆ داهات و خەرجییەکان (2025)**

لەو خشتەی سەرەوە ، دەبینین کە ئابووری عێراق هێشتا بەشێوەیەکی نیمچە تەواو پشتدەبەستێت بە نەوت،ئەوەش هەلی جۆراوجۆرێتی لاوازدەکات ودەوڵەت دووچاری گۆڕانکارییە جیهانییەکان دەکات، هەروەها ئەوە ڕووندەبێتەوە کە خەرجی زیاتر لەسەر لایەنە بەرکارییەکان کۆدەبێتەوە وەک لە وەبەرهێنان، ئەوەش دەبێتە ڕەنگدانەوەی کێشە لە پێشینەی سیاسەتی داراییدا. ئەم دۆخە دەبێتە هۆی کورتهێنانی پێشوەختە لە بودجە و سستی لە پەیوەندی فیدراڵی نێوان بەغداو هەولێر زیاد دەکات.

بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە هەرێمی کوردستانەوە، ئەوا تەرخانکردنی دارایی گەیشتۆتە زیاتر لە 3.86 تریلیۆن دینار، لەوە 2.355 تریلیۆن دینار، تەرخانکراوە بۆ مووچەی فەرمانبەران، ئەوەش ڕەنگدانەوەی پشتبەستنی گەورەیە بە بودجەی فیدراڵی( World Bank، 2023.).

وە ئەم ژمارانە جەخت لەوەدەکەنەوە کە ناکرێت پەیوەندی دارایی نێوان بەغداو هەولێر کورتبکرێتەوە لە تەنیا بوونی وەک پەیوەندی کارگێڕی، بەڵکو ئەوە بەتەواوی پەیوەندییەکی سیاسیە، کە هەندێک جار بودجە وەکو ئامرازی فشار بەکاردێت لە نێوان هەردوو لایەندا.

لەم چوارچێوەیەدا، (کاوە محمد)،ئەندامی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق، ئاماژە بەوە دەدات کە هەرێمی کوردستان بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافییە ستراتیجییەکەیەوە پێگەیەکی نێودەوڵەتی گرنگی هەیە لە نێو جیهانی ئیسلامی و نا ئیسلامیدا، وەئەوەش هەلی گەورەی پێدەبەخشێت کە ئەگەر بێت و پلان و پرۆژەی جددی دابنرێت.بەڵام غیابی پلاندانانی ناوخۆیی ڕێگری لە وەبەرهێنانی ئەم تایبەتمەندییانە دەکات(محمد، 2026).

ئەم دەرهاوێشتە دارایی و سیاسیانە ئەوە دەردەخەن کە پەیوەندی نێوان بەغداو هەولێر تەنها پەیوەندی دابەشکردنی سەرچاوەکان نییە، بەڵکو دەگۆڕدرێت بۆ ئامرازی سیاسی کە بەکاردەهێنرێت لە بەڕێوەبردنی هاوسەنگییە فیدراڵییەکاندا.وە پشتبەستنی نیمچە تەواوی هەرێم بە بودجەی فیدراڵی، کە زۆربەی بۆ مووچە بەرکارەکانە (World Bank، 2023؛ Infoplus Network، 2025)، ڕەنگدانەوەی فشەڵی سەربەخۆیی ئابوورییەتی کە وای لێدەکات بارمتەی بڕیارە فیدراڵییەکان بێت.ئەم دۆخە یەکتردەبڕێت لەگەڵ ئەوەی کاوە محمد ئاماژەی پێکردووە، کەوا هەرێم هەلی ستراتیجی گەورەی هەیە، بەآم نەبوونی پلاندانانی ناوخۆیی ڕێگرە لە وەبەرهێنانی ئەو هەلانە. پاشان کێشەی بنەڕەتی لە پەیوەندی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵدا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە دەقە دەستوورییەکان کە دەسەڵاتی فراوانی داوە بە هەرێمەکان وەرنەگێڕدراوە بۆ واقعێکی کردارەکی، بەڵکو گرێدراوە بە بابەتە سیاسی و ئابوورییەکانەوە.

بێگومان بەردەوامبوونی ئەم جیاوازییە لە نیوان دەقەکان و جێبەجێکردنیاندا توانای سیستەمی فیدراڵی لاواز دەکات لە بەدیهێنانی هاوسەنگی داواکراو، وە پەیوەندی نێوان بەغداو هەولێر دووچاری شڵەژان و نائارامی بەردەوام دەکات، ئەوەش هەڕەشە لە سەقامگیری کۆی سیستەمی فیدراڵی دەکات.

## بەندی دووەم: ڕۆڵی ئابووری لە پەیوەندی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان

بێگومان پشتبەستنی نیمچە تەواو بە نەوت وا دەکات پەیوەندی نیوان بەغداو هەولێر بارمتەی بەرزونزمی نرخەکانی وزەی جیهانی بێت، ئەوەش توانای هەرێم لە پیادەکردنی سەربەخۆیی دارایی راستەقینە لاواز دەکات.کە لاوازی جۆراوجۆرێتی سەرچاوەی داهات بۆتەهۆی بەردەوامی حاڵەتی پاشکۆیەتی دارایی بەرامبەر حکومەتی فیدراڵی،و بە نەرێنی ڕەنگیداوەتەوە لەسەر سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی کورد (ناتالی، 2010).

هەروەها ناکۆکییە بەردەوامەکانی هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی کوردستانەوە دیارترین خاڵی شڵەژان و نائارامی دارایی و سیاسییە، کاتێک هەرێم پێی وایە کە بەپێی ماددەی (121) لە دەستوور مافی بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکانی هەیە، لە کاتێکدا حکومەتی فیدراڵی جەخت لەوە دەکاتەوە کە سامانە سروشتییەکان بەتەواوی موڵکی گەلی عێراقە، و دەبێت لە ناوەندەوە بەڕیوەببرێت( ئەلعەلی، 2014 ).

ئەم جیاوازییە لە لێکدانەوەی یاساییدا بەشدار بووە لە چەسپاندنی حاڵەتی نا سەقامگیری دارایی و سیاسی، وبۆتەهۆی پەکخستنی زۆرێک لە ڕێکەوتننامەکان لەنێوان هەردوو لایەندا.

وە (کمال رەئوف)، ئاماژە بەوە دەدات کە عێراق بەرەو زیاتر بەهێزی دەچێت بەڵام هەرێمی کوردستان بەوەر لاوازی، بەهۆی نەبوونی کارتی فشاری نێودەوڵەتی بەدەست کوردەوە، وجەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە گۆڕەپانی ئابووری و سیاسی کورد پێویستی بە ڕووبەڕووبەنەوەی دوولایەنەی هێزە دەرەکییەکان و دابەشبوونە ناوخۆییەکان (رەئوف، 2026). ئەم بۆچوونە ڕەنگدانەوەی ئارێشە ئابوورییەکانە تەنها ناکۆکییەکی دارایی نییە لەگەڵ بەغدا، بەڵکو بەندە بە لاوازی ئامرازی فشاری کورد لەناوخۆ و دەرەوە، کە توانای بەهێزکردنی سەربەخۆیی هەرێم لە نێو سیستەمی فیدراڵیدا کەمدەکاتەوە.

بێگومان بەردەوامی ئارێشەو تەنگژە داراییەکانی نێوان بەغداو هەرێم ڕەنگدانەوەی کێشەی بنەڕەتین لە جێبەجێکردنی کردارەکی سیستەمی فیدراڵی عێراق، کاتێک دەستور لە ماددەی (121/سێیەم) ئاماژە بە گرنگی دابینکردنی "بەشە بودجەیەکی دادپەروەرانە لە داهاتە فیدراڵییە بەدەستهاتووەکان" بۆ هەرێم و پارێزگاکان دەدات، لەگەڵ ڕەچاوکردنی پێویستی و سەرچاوەکانیان. بەڵام جێبەجێکردنی کرداریی ئەم دەقە جێگای ناکۆکیی بەردەوامە، کاتێک زۆرێک لە توێژەران پێیان وایە کە نەبوونی ئامرازی ڕوون لە دابەشکردنی داهاتەکان، بۆتەهۆی چەسپاندنی حاڵەتێک لە بێ متمانەیی لە نێوان هەردوو لایەندا، و کرۆکی ئەزموونی فیدراڵی عێراقی لاوازکردووە(سندی، 2025)، وخەمڵاندنەکان ئاماژە بە وەستانی هەناردەی نەوتی هەرێم دەدەن لە مانگی ئازاری 2023وە، کە زەرەرو زیانی دارایی گەورەی لە عێراق داوە، تا وەکو ساڵی 2025، لە 22–25 ملیاردۆلارتێپەڕیکردووە، واتە ئەوەی یەکسانە بە نزیکی ملیارێک دۆلار مانگانە، ئەوەشە کە سەرچاوە سروشتییەکانی لە پێکهاتەیەکی تەواوکاری ئابوورییەوە گۆڕیوە بۆ چەقی کێشمەکێشە سیاسی و داراییە بەردەوامەکان. ئەلشەرق ولئەوسەت، 2025؛ ئابووری ڕۆژهەڵات لەگەڵ بلومبرغ، 2025؛ جەزیرە نێت، 2023).

ئەم دۆخە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە تەنگژەی ئابووری تەنها ناکۆکییەکی دارایی نییە، بەڵکو تەنگژەیەکی سەرەکیی بونیادییە هەڕەشە لە سەقامگیری کۆی سیستەمی فیدراڵی دەکات، وهەلی دروستکردنی هاوبەشیی هاوسەنگ لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمدا لاوازدەکات.

بەوپێیە، بیگومان ڕەهەندی ئابووری و دارایی لە پەیوەندی فیدراڵیدا هۆکارێکی یەکلاکەرەوەیە لە دیاریکردنی داهاتووی فیدراڵیەت لە عێراق، کە بەردەوامی پشتبەستن بە نەوت، ولاوازی جۆراوجۆرێتی ئابووری، وناکۆکییەکان سەبارەت بە بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان هەمووی هۆکاری لاوازکردنی توانای سیستەمی فیدراڵییە لە بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمدا.

## بەشەپاری سێیەم: ئاڵنگارییە پێشبینیکراوەکان و سیناریۆ ستراتیجییەکان

فیدراڵی لە عێراق ڕووبەڕووی ئاڵنگاری گەورەی بنەرەتی و سیاسی و ئەمنی دەبێتەوە، کە وادەکات داهاتووی بەسترابێت بە توانای بەڕیوەبردنی جۆراوجۆرێتی، وڕێکخستنی پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدراڵ وهەرێم. ئەم بەشەپارە هەوڵدەدات سیناریۆ پێشبینیکراوەکان لە پەیوەندییەکانی نێوان بەغداو هەرێم بخاتەڕوو، لەڕێگەی شیکاریکردنی مەترسییە چاوەڕوانکراوەکان و وپێشکەشکردنی دیدگای ستراتیجی بۆ چاکسازی، کە زامنی بەهێزکردنی بەشداری فیدراڵی و بەدیهێنانی سەقامگیری سیاسی و ئابووری درێژ مەودا بێت.

لەگەڵ تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو دەیە بەسەر بڕیاری سیستەمی فیدراڵی لە عێراق، هێشتا پرۆسەی چەسپاندنی ئەم سیستەمە ڕووبەڕووی ئاڵنگاری بونیادی و سیاسی و ئەمنی ئاڵۆزدەبێتەوە. توێژینەوە زانستییە نوێیەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە نەبوونی دامەزراوەی دەستووری کارا، وەک دادگای باڵای فیدراڵی، بۆتە هۆی پەکخستنی جێبەجێکردنی زۆرێک لە مادده دەستوورییەکانی پەیوەست بە دەسەڵاتی هەرێمەکان ، ئەوەش بۆشایی لە نێوان دەقە یاساییەکان و جێبەجێکردنی کردارییاندا دروستکردووە (ئیسماعیل و ئیسماعیل، 2015).

(جەبار یاوەر)، ئەمینداری گشتی پێشووی هێزی پێشمەرگە ئاماژە بەوە دەکات، کە دەستووری عێراق بەشێوەیەکی ڕوون باسی لە دۆخی پێشمەرگە نەکردووە، وسەرۆک وەزیرانی پێشووتر (نوری مالیکی )، لە دیارترین ناڕازییەکان بوون بۆ ناساندنی وەک بەشێک لە سیستەمی فیدراڵی، کاتێک یەکگرتنی هێزی پێشمەرگەی لەگەڵ هێزەچەکدارەکانی عێراق ڕەتکردەوە وەک هێزێکی فیدراڵی کە ژمارەی لە ٦٠٠٠٠ هەزار جەنگاوەر تێناپەڕێت(یاوەر، 2026).

ئەم بۆشاییە دەستوورییە لە چارەسەرکردنی دۆخی هێزی پێشمەرگە ڕەنگدانەوەی کێشەیەکی بنەڕەتییە لە بونیادنانی سیستەمی فیدراڵیدا، کە توانای هەرێم لە بەشداری کردارییە لە ناو سیستەمی ئاسایشی نیشتمانی لاواز دەکات.

سەرباری ئەوە، بێگومان بەردەوامی دابەشبوونە سیاسییە ناوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستان، شانبەشانی ململانێکانی نێوان هێزە فیدراڵییەکان، بەشداربوو لە لاوازکردنی توانای سیستەمی فیدراڵی لەسەر بەڕێوەبردنی جۆراوجۆرێتی و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکان. وە توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە ئەم دابەشبوونانە تەنها کار لە یەکێتی گوتاری سیاسی کورد ناکات، بەڵکو لەسەر سەقامگیری کۆی سیستەمی سیاسی عێراقیش ڕەنگدەداتەوە (ستانسفیلد،2013).

وە هەروەها (د.بەختیار شاوەیش)، ئەندامی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، جەخت لە وە دەکاتەوە کە پێویستە یەکگرتوویی ڕیزی کورد لە ناوخۆوە دەستپێبکات، ونەبوونی ئەم یەکگرتووییە پێگەی هەرێمی لە بەغدا لاوازکردووە، وە هەروەها جەخت لە پاشەکشەکردنی ستراتیجی کورد دەکاتەوە لە پایتەخت لەساڵی 2012 ەوە (شاوەیش، 2026).

هەروەها، گومانی تێدا نییە کە نەبوونی دیدگایەکی یەکگرتوو وایکردووە هەڵوێستی کورد لەبەردەم فشارەکانی فیدراڵدا فشەڵ بێت، وەک چۆن ئاڵنگارییە ئەمنییەکان-چی ئەوانەی پەیوەندییان بە هەرەشەکانی تیرۆرەوە هەیە یان بە شڵەژانە هەرێمایەتییەکانەوە - دروستکردنی سیستەمێکی فیدراڵی سەقامگیر قورستردەکات، کە زۆرجار بارودۆخە ئەمنییەکان وەک پاساوێک بۆ بەهێزکردنی خواستی فیدراڵی بەکاردەهێنرێت لەسەر حسابی دەسەڵاتی هەرێمەکان (ناتالی، 2010).

کێشەی دروستکردنی فیدرالیەت لە عێراق تەنها لە ئاڵنگارییە دەستووری و ئەمنییەکاندا کورتنابێتەوە، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ نەبوونی دیدگایەکی دامەزراوەیی تەواو بۆ بەڕێوەبردنی جۆراوجۆرێتی و جڵەوکردنی پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکان. توێژینەوە نوێیەکان دەریانخستووە کە سیستەمی فیدراڵی عێراق بە دەست (فیدراڵی شێوێندراو) ەوە دەناڵێت، پێویستی بە ئامرازی ڕوونە بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و سەرچاوەکان، ئەوەی وایلێکردووە کە لە فیدراڵی ڕووکەش نزیکتر بێت تا فیدراڵی کارا ( ئاکرێی، 2024).

هەروەها بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی پەیوەست بە کەرتی نەوت و غاز، بە تایبەت بڕیاری ساڵی 2022، سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی یاسای نەوت وغازی کوردستان، فشەڵی بناغەی فیدراڵیەتی دەرخست، کاتێک سەرچاوە سروشتییەکان گۆڕدران بۆ گۆڕەپانی ململانێی سیاسی و یاسایی نێوان بەغداو هەولێر(ئەندەرسۆن، 2025).

ئەم کیشە بونیادیانە جەخت لەوە دەکەنەوە کە فیدراڵیەت لە عێراق هێشتا ڕووبەڕووی ئاستەنگی قوڵ دەبێتەوە پێویستی بە چاکسازی دەستووریی و دامەزراوەیی ڕیشەیی هەیە، بۆ زامنکردنی سەقامگیری سیستەمی سیاسی و ئابووری.

## بەندی دووەم: سیناریۆ پێشبینیکراوەکان بۆ پەیوەندی نێوان بەغداو هەرێمی کوردستان

دەتوانرێت پێشبینی داهاتووی پەیوەندی نێوان بەغداو هەرێمی کوردستان بکرێت لە ڕێگەی سێ سیناریۆی سەرەکییەوە :

1. سیناریۆی سەقامگیری:ئەمە لەسەر بەهێزکردنی هەماهەنگی دامەزراوەیی نێوان هەولێرو بەغدا دەوەستێت،وە کاراکردنی ماددە دەستوورییە دواخراوەکان، بەوەی کە زامنی بەشداری کارای هەرێم بکات لە بەڕێوەبردنی فیدراڵی. ئەم سیناریۆیە پێویستی بە چاکسازی سیاسی ویاسایی قوڵ هەیە، ئەوە سەرباری بونیادنانی دامەزراوەی فیدراڵی بەهێز کەتوانای بەڕێوەبردنی جۆراوجۆری هەبێت(ستانسفیلّد و ئەندەرسۆن، .(2009
2. سیناریۆی شڵەژان و نائارامی: ئەمە خۆی لە بەردەوامی دابەشبوونی ناوخۆیی حیزبی وفراوانبوونی ناکۆکییە داراییەکان سەبارەت بە سەرچاوە سروشتییەکان دەبینێتەوە، ئەوەی دەبێتە هۆی پاشەکشەی ڕۆڵی هەرێم لە سیستەمی فیدراڵی وهەڕەشە لە یەکێتی دەوڵەت.ئەم سیناریۆیە بەباشتر دەزانرێت لە حاڵەتی بەردەوامیی نەبوونی متمانە لە نێوان لایەنە سیاسییەکان و نەبوونی ئامرازی دەستووری بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکان(ئەل-عەلی،.2014). لەم نێوەندەدا (کنیر عەبدوڵد)،چالاکی بواری مافەکانی ژنان، ئاماژە بەوە دەکات کە سەرکردایەتی کورد لە ڕابردوودا پرۆژە و توێژینەوەی زۆری هەبووە، بەڵام بەکارنەهێنراوە لە چارەسەری کردارییدا، وە جەختیکردۆتەوە لەوەی کە هێزی هەرێم لەسەرەتای ئەم هەزارەیەدا ڕەنگدانەوەی لاوازی عێراق بوو،نەک لەبەر پتەوی بناغەی ناوخۆیی کورد(عەبدوڵا، 2026). ئەم بۆچوونە ڕەنگدانەوەی ئاڵنگارییە پێشبینیکراوەکانە، کە تەنها نەبەستراوە بە ناکۆکییەکان لەگەڵ بەغدا، بەڵکو بەندە بەنەبوونی ویستی ناوخۆیی بۆ بەکارهێنانی هەلە بەردەستەکان لە دروستکردنی سیستەمێکی فیدراڵی یەکگرتوو و پتەو.
3. سیناریۆی چاکسازی: ئەمە لەسەر پشتبەستن بە نزیکایەتی چاکسازیی دەوەستێت، و سەرنج دەخاتە سەر بەهێزکردنی حکومڕانێتی فیدراڵی، وە فراوانکردنی بەشداری نیشتمانی، کە زامنی یەکێتی دەوڵەت و سەقامگیری بکات بۆ ماوەیەکی درێژ.ئەم سیناریۆیە پیویستی بە سازانی سیاسی ناوخۆیی و پاڵپشتی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی هەیە بۆ پرۆسەی چاکسازی دامەزراوەیی(ناتالی،.(2010

وە لەم نێوەندەشدا (پەیمان عیزەدین)،ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە کورد پێویستی بە دووبارە داڕشتنەوەی شوێن و پێگەی هەیە لە نێو نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نویێ، وپێداگرە لەسەر گرنگی و پێویستی تێپەڕاندنی ڕق وکینە ناوخۆییەکان و لەخۆ گرتنی گوتارێکی میدیایی یەکگرتوو کە پێگەی هەرێم لە عێراق وناوچەکەدا بەهێزبکات (عیزدین، 2026). ئەم بۆچوونە ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە سەرکەوتنی سیناریۆی چاکسازی تەنها لەسەر دەقە دەستوورییەکان ناوەستێت، بەڵکو پێویستی بە ویست و ئیرادەیەکی سیاسی ناوخۆیی و گوتارێکی یەکگرتوو هەیە کە متمانە لە نێوان لایەنەکاندا بچەسپێنێت و پێگەی هەرێم لە سیستەمی فیدراڵی بەهێزبکات.

لەسەر ئەو بنەمایە، بێگومان داهاتووی فیدراڵی لە عیراق هەر بەند دەبێت بە توانای لایەنە سیاسییەکان لە تێپەڕاندنی دابەشبوونە ناوخۆییەکان، و کاراکردنی دەقە دەستوورییەکان، و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی کرداریی بۆ هەموو ئەو ئاڵنگارییە ئابووریی و ئەمنییانەی ڕووبەڕووی وڵات دەبێتەوە.
وە سەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن (عەدنان عوسمان)،ئاماژە بەوە دەدات کە هەندێک دیدگا پێی وایە کە ئەم سەدەیە دەبێتە سەدەی کورد، لەکاتێکدا کەسانێکی تر پێیان وایە کە تەنها دووبارەبوونەوەی هەلی لەدەستچووەوە، وجەختیش لەوە دەکاتەوە کە هەرێم گرێدراوە بە توانای خۆی لە گۆڕینی خواستەکانی بۆ پرۆژەی کرداریی و بەدروشم ڕازی نەبوون(عثمان، 2026).ئەم بیرۆکەیە ئەوە ڕوونەدەکاتەوە کە داهاتووی فیدراڵیەت تەنها پشتنابەستێت بە دەقە دەستوورییەکان و هەڵوێستە سیاسییەکان، بەڵکو پشت دەبەستێت بە توانای سەرکردایەتی کورد لە گۆڕینی خواستە نەتەوەییەکان بۆ بەرنامەی واقیعی کە بتوانرێت جێبەجێبکرێت.

هەروەها پارێزگاری پێشووتری سلێمانی (سردار قادر)، جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە یەکێتی و پشتیوانی لە پێشدا لەناوخۆی کورددا دابمەزرێت نەک لە بەغداوە بسەپێنرێت، وپیداگیرە لەسەر ئەوەی کە عیراق بە ئارێشەیەکی قوڵی ناوخۆییدا تێپەڕدەبێت، ومامەڵەکردن لەگەڵیدا پێویستە لە هێزی ناوخۆییەوە بێت نەک لە دابەشبوون(قادر، 2026). ئەم بیرۆکەیە ئەوە دەگەیێنێت کە هەر سیناریۆیەکی پێشبینیکراو بۆ فیدراڵیەت بەدینایەت تاوەکو دابەشبوونە ناوخۆییەکانی کورد چارەسەرنەکرێت،وهەتا دووبارە متمانە لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا لەسەر بناغەی پتەو بونیاد نەنرێت.

## دەرئەنجام

ئەم توێژینەوەیە گەیشتە  ئەو دەرئەنجامەی کە بەهێزکردنی سیستەمی فیدراڵی لە عێراق پێویستی بە چارەسەرکردنی کۆمەڵێک ئاڵنگاری بونیادی وسیاسی و ئابووری هەیە کە بەربەستن لەبەردەم کارابوونیدا. گرنگترین ئەم پێویستییانەش یەکخستنی گوتاری سیاسی کوردە لە بەغدا، کە زامنی نوێنەرایەتییەکی زیاترهەماهەنگ وبەهێز بێت لە ناوخۆی دامەزراوە فیدراڵییەکاندا.

وە هەروەها کاراکردنی دەقە دەستووریە دواخراوەکان، بە هەنگاوێکی سەرەکی دادەنرێت لە زامنکردنی مافە فیدراڵییەکانی هەرێم ،و چەسپاندنی بنەمای بەشداری هاوسەنگی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکان.هەروەها، چاککردنی سیستەمی دارایی فیدراڵ لە ڕێگەی جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەی داهات، وکەمکردنەوەی زیادەڕەوی لە پشتبەستن بە نەوت مەرجی سەرەکییە لە بەدیهێنانی سەقامگیری ئابووری و وسیاسی، لە کۆتاییدا، بێگومان بونیادنانی دامەزراوەی فیدراڵی بەهێزو کارا کە توانای بەڕێوەبردنی جۆراوجۆری و جڵەوکردنی پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکانی هەبێت ، زامنی  ڕاستەقینەی بەردەوامیدانە بە سیستەمی فیدراڵی و بەهێزکردنی یەکیتی دەوڵەتی عێراق.

## ڕاسپاردەکان

پشتبەست بەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، دەتوانرێت پێشنیاری کۆمەڵێک ڕاسپاردەی کرداریی بکرێت، کە سیستەمی فیدراڵی لەعێراق بەهێزدەکات، وگەرەنتی بەشداریی کارای زیاتری هەرێمی کوردستانە لە بەڕێوەبردنی سیستەمی  فیدراڵدا. وە لە داڕشتنیدا ئەوە لەبەرچاو گیراوە کە وورد و ڕوونبێت، وئاراستەی ئەنجامدەرە سەرەکییەکانبێت، لەگەڵ بەدیارخستنی بژاردەو جێگرەوە سیاسییەکان و شیکاریکردن و لێکدانەوەی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی هەر یەکێکیان، بەم شێوەیە:

**1.بژاردەی سیاسی بۆ سەرکردایەتی کورد:**

لایەنە ئەرێنییەکان: یەکخستنی گوتاری سیاسی ،توانای دانوستان لە بەغدا بەهێزدەکات و سەنگێکی گەورەتر بە هەرێم دەبەخشێت.

لایەنە نەرێنییەکان: لەوانەیە ڕووبەڕووی بەرگری ناوخۆیی حیزبە خاوەن بەرژەوەندییە جیاوازەکان ببێتەوە.

ڕاسپاردەی کرداریی: دروستکردنی ئەنجوومەنێکی هەماهەنگی حیزبی-دامەزراوەیی هەمیشەیی کە داڕشتنی هەڵوێستە هاوبەشەکان لە ئەستۆ بگرێت، پێش خستنەڕووی لە بەغدا.

**2.بژاردەی پەرلەمانیی بۆ فراکسیۆنە کوردییەکان:**

لایەنە ئەرێنییەکان: کاراکردنی دەقە دەستوورییە دواخراوەکان، ئامرازی یاسایی بە فراکسیۆنەکان دەبەخشێت بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییە فیدراڵییەکان.

لایەنە نەرێنییەکان: لەوانەیە ڕووبەڕووی ئاستەنگی سیاسی ببێتەوە لەلایەن فراکسیۆنەکانی تر لە پەرلەمانی فیدراڵی .

ڕاسپاردەی کرداریی: هاندانی دەستپێشخەری یاسادانانی هاوبەش، وپێکهێنانی لیژنەی یاسایی- دەستووریی لەنێو پەرلەمانی فیدراڵی.

**3.بژاردەی ئابووری-دارایی:**

لایەنە ئەرینییەکان: جۆراوجۆری داهاتەکان پشتبەستن بە نەوت کەمدەکاتەوەو سەربەخۆییەکی رێژەیی بە هەرێم دەبەخشێت .

لایەنە نەرێنییەکان: کاتێکی زۆر و وەبەرهێنانێکی گەورەی پێویستە ، ولە وانەیە ڕووبەڕووی بەرگری ببیتەوە لەلایەن ئەو هێزانەی سوودمەندن لە دۆخی پشتبەستن بە تەنها نەوت.

ڕاسپاردەی کرداریی: ڕاگەیاندنی پرۆژەی هاوبەش لە بوارەکانی کشتوکاڵ و وزەی جێگرەوە، لەگەڵ گەرەنتیکردنی بەشی دادپەروەرانە بۆ هەرێم.

**4.بژاردەی میدیایی کوردی:**

لایەنە ئەرێنییەکان: ڕاگەیاندن ومیدیای یەکگرتوو گوتاری سیساسی هاوبەش بەهێزدەکات، وهەڵوێستی هەرێم لەبەردەم ڕای گشتی پتەودەکات.

لایەنە نەرێنییەکان: لەوانەیە ڕووبەڕووی ئاڵنگاری جڵەوکردنی بوونی فرە میدیایی ببێتەوە.

ڕاسپاردەی کرداریی: دامەزراندنی سەکۆیەکی میدیایی هاوبەش، کە بەشێوەیەکی پیشەییانە بەڕێوەببردرێت، وگوتارێکی یەکگرتوو دەربارەی دۆزە فیدراڵییەکان لە خۆ بگرێت.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: دەستوورەکان**


1. سەباح سادیق جەعفەر ، دەستووری کۆماری عێراق بۆساڵی 2005 ،ئەنسکلۆپیدیای یاسا عێراقییەکان ، چاپی1، (2006).


**دووەم: توێژینەوە و ڕۆژنامەکان**


1. خەیری ئیبراهیم موراد، بەڕێوەبردنی سامانە سروشتییەکان لە دەستووری عێراق بۆ ساڵی 2005: پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نموونە، گۆڤاری ماف، زانکۆی کوێت، (2024).
2. موسەددەق عادل تالیب:چاکسازی دەستووری لە عێراق / دادگای باڵای فیدراڵی بە نموونە ، گۆڤاری زانستە یاساییەکان، ژمارەی تایبەت بە توێژینەوەکانی کۆنفرانس لقی یاسای گشتی، کۆلێژی یاسا ، زانکۆی بەغدا، تشرینی دووەم ، (2018).
3. سندی دژوار، ڕەنگدانەوەی ئارێشە داراییەکانی نێوان بەغداو هەولێر لەسەر داهاتووی سیستەمی فیدراڵی لە عێراق. ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە 3287، (2025).
4. ئەلشەرق ولئەوسەت، هاوکێشەی هاوبەشی نا ئاسایی نێوان بەغداو هەولێر، ڕۆژنامەی ئەلشەرق ولئەوسەت، بەشی سیاسی ، (2025، 14 نیسان).


**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان/ئەلەکترۆنییەکان**


1. Stansfield، G. 'The unravelling of the post-First World War state system? The Kurdistan Region of Iraq and the transformation of the Middle East'،International Affairs، 89(2)، (2013)
2. Anderson، L. & Stansfield، G. The Future of Iraq: Dictatorship، Democracy، or Division?. New York: Palgrave Macmillan. (2009)
3. Natali، D. The Kurdish Quasi-State: Development and Dependency in Post-Gulf War Iraq. Syracuse، NY: Syracuse University Press. (2010)
4. Al-Ali، Z. The Struggle for Iraq's Future: How Corruption، Incompetence and Sectarianism Have Undermined Democracy. New Haven: Yale University Press. (2014)
5. Ismael، T.Y. & Ismael، J.S. Iraq in the Twenty-First Century: Regime Change and the Making of a Failed State. London: Routledge. (2015)
6. Akreyi، H. Failed Federalism in Iraq: Federal in Name Only. Routledge، 2024.
7. Anderson، L. Fixing Federalism in Iraq: Oil، Courts، and the Constitution. Cambridge University Press، 2025.
8. Natali، D. (2010). The Kurdish Quasi-State: Development and Dependency in Post-Gulf War Iraq. Syracuse University Press.
9. The Washington Institute for Near East Policy. (2022). Kurdistan Region's divided institutions and the challenge of federalism in Iraq. Washington، D.C.: The Washington Institute.

### چوارەم: ڕاپۆرتەکان


1. World Bank (2023) World Development Report 2023: Migrants، Refugees، and Societies. Washington، DC: World Bank. doi:10.1596/978-1-4648-1909-5
2. World Bank (2023) Iraq Economic Monitor: Seizing the Opportunity for Reforms. Washington، DC: World Bank.


### پێنجەم: بەشداربووانی بازنەی گەنگەشە بە ناونیشانی (داهاتووی پێگەی کورد لە عێراق) کە لە دامەزراوەی (ڤیژن بۆ توێژینەوەی ستراتیجی) سازکرابوو ڕێکەوتی 5/2/2026


1. نەرمین مەعروف، مافەکانی ژنان لە کوردستان، بەشداربوو لە بازنەی گفتوگۆ.
2. ستران عبدوڵا، دۆخی سیاسی کورد لە بەغدا، بەشداربوو لە بازنەی گفتوگۆ
3. فارس نەورۆلی، ئاڵنگارییە ئابوورییەکان لە هەرێمی کوردستان، بەشداربوو لە بازنەی گفتوگۆ..
4. کاوە محمد: پێگەی نێودەوڵەتی هەرێمی کوردستان، بەشداربوو لە بازنەی گفتوگۆ.
5. کەمال رەئووف، داهاتووی عێراق و هەرێمی کوردستان، بەشداربوو لە بازنەی گفتوگۆ.
6. جەبار یاور، هێزی پێشمەرگەو ئاڵنگارییە ئەمنییەکان، بەشداربوو لە بازنەی گفتوگۆ.
7. بەختیار شاوەیس: دابەشبوونە سیاسییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، بەشداربوو لە بازنەی گفتوگۆ.
8. کنێر عەبدوڵا: یەکێتی کورد و بونیادنانی پشتیوانی ناوخۆیی، بەشداربوو لە بازنەی گفتوگۆ.
9. پەیمان عیزەددین، گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە کوردستان السیاسیة، بەشداربوو لە بازنەی گفتوگۆ.
10. عەدنان عوسمان: دیدگایەک دەربارەی داهاتووی کورد و ئەم سەدەیە،بەشداربوو لەبازنەی گفتوگۆ .
11. سەردار قادر:پەیوەندی نیوان بەغداو هەولێر لەبەر ڕۆشنایی فیدراڵییەتدا، بەشداربوو لە بازنەی گفتوگۆ.


### شەشەم: ماڵپەڕە ئەلەکترۆنییەکان


1. Infoplus Network (2025) وەزارەتی دارایی ژمارەی داهات و خەرجییەکان لە بودجەی عێراق ئاشکرا. Infoplus Network.بەردەستە لە: https://www.infoplusnetwork.com/news/ أ-(infoplusnetwork.com in Bing) ، ڕێکەوتی سەردان: 8ی مارس 2026.
2. ڕۆژنامەی ئیستیقلال. (2024). دابەشبوونی دامەزراوەیی و کارگێڕی لە هەرێمی کوردستان لەنێوان هەردوو حیزبە سەرەکییەکە في إقليم كوردستان . بەردەستە لەسەربەستەری ئەلەکنرۆنی : https://istiqlal.com ، ڕێکەوتی سەردانیکردن: 8ی نیسان 2026.
3. ئابووری ڕۆژهەڵات لەگەڵ بلومبرغ. (2025). هەناردەی نەوتی کوردستان دەستپێدەکاتەوە پاش وەستانی ،عێراق25 ملیار دۆلاری لەسەردەکەوێت. بەردەستە لەسەر ئەم بەستەرە : https://asharqbusiness.com
4. جەزیرەنێت. (2023). ڕاوەستانی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان ئایا عێراق لە ڕووی سیاسییەوە براوەبووە و لەڕوی ئابوورییەوە شکستخواردوو ؟ بەردەستە لەسەر ئەم بەستەرە: https://aljazeera.net.

Vision Foundation
for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Iraq, Sulaymaniyah, Saeed Kaban Street, House No. 28.

visionfoundationiq